www.kurdistannet.org
19/07/2003 23:40

# خویێندنەوەیەکی نوێی 14ی تەمووزی 1958ی عیراق

ئەمجەد شاکەلی

ڕۆرجاران دیمەنێک، ئاوازی گۆرانییەک، مۆسیقایەک، دەنگێک، سیما و ڕووخسارێک، ڕەنگێک، شوێنێک، کەسێک، بزەیەک، چپەیەک، ساتێک و شتی دیکەش دەبنە هۆی بزواندنی هەست و مرۆڤ دەبەنەوە دواوە و دەیگێڕنەوە بۆ سەردەمێک، کە وەک یادگاری و مێژوو بەسەر دەکرێتەوە. وەرگێڕانی کتێبەکەی دۆکتۆر شاکر خەسباک (کورد و مەسەلەی کورد) بزوێنەرێک بوو و ئەو جۆرە هەستەی پێ بەخشیم. ئێستاش وا دەزانم دوێنێیە، بەرەبەیانی 14ی تەمووزی1958، پشووی هاوین بوو، پۆلی دووەمی سەرەتاییم تەواوکردبوو و بۆ پۆلی سێیەم دەرچووبووم. لە شاکەل (گوندەکەی خۆمان) و لە ماڵی خۆمان و لە یەکێک لە ژوورە یەک لەنێو یەکەکاندا نووستبووم -شەوانی هاوین لە نێو حەوشەدا و لە بن دارگەزەکاندا دەنووستین، بەڵام دەمەوبەیانیان بە تایبەت، کە ئیدی خۆر هەڵدەهات، هەر یەکسەر گەرم دەبوو و مێشیش هێرشیان دەهێنا، ئیدی دەبوو مرۆڤ خۆ بگەیەنێتە ژووری و هیچ نەبێ بۆ ماوەیەکی دیکەیش درێژە بە خەوی بن سێبەر بدات- لە دەنگی کاکە کاکەی ئەنوەری برام، کە لە من گچکەتر بوو، بێدار بوومەوە. کە چاوم کردەوە، بە قژە زەردە سپی باوەکەیەوە ڕاوەستابوو و بە دەنگێکی منداڵانە گوتی: کاکە دەزانی چی! گوتم: چی! گوتی: سەبرە بووە، جمبوورییە! سەبرە (سەورە- ثورة) واتە: شۆڕش و جمبووری (جەمهووری- جمهورية) ش، واتە: کۆماری. ئیدی کە هەستام، ئەو پێشم کەوت و بە هەڕا چووین بۆ دیوەخان (ژووری میوان) ، کە 20-30 میتر لە ژوورە یەک لە ناو یەکەکانەوە، کە پێمان دەگوتن نیشتمان، دوور بوو. کە چوومە ئەوێ، باوکم ڕادیۆ "پای"ە سوورەکەی دانابوو و گوێی دەدایە. ئەو جۆرە ڕادیۆیە باترییەکی زلی پێوە دەبەسترا و وایەرێکی درێژیشی پێوە گرێ دەدرا، کە سەرەکەی دیکەی لە بانی خانووەکە، بە سەری دارێکی درێژەوە لە بانەکە دەچەقێنرا و قایم دەکرا، دەبەسترا. ئەو ڕادیۆیە ساڵانی دواتر، نێوی کەروجاشیان لێ نابوو. ئەودەمە ئەو ڕادیۆیانە باو بوون و هەندێک خەڵک هەیانبوو. قسەکەرانی نێو ڕادیۆکە، دەیانقیڕاند و دەیانشیڕاند و هاوارهاواریان بوو و مۆسیقا و سروودی نیشتمانی دەبیسترا. لام وابێ سەعات حەوت و حەوتونیوی بەیانی بوو. وەک بیرم بێتەوە، چەند کەسێکی دیکەش لەگەڵ باوکمدا دانیشتبوون و گوێیان لە هاتوهاواری ڕادیۆکە دەگرت. لە نێوان خۆیاندا باسی ئەو ڕووداوەیان دەکرد. باوکم ئەو گۆڕانەی پێ باش بوو و پێدەچوو هەم ئەو و هەم ئەوانی دیکەش، کە لەوێ بوون، بەو بارە نوێیە، دڵخۆش بن. ئەوەی کە لەوانم دەبیست و وا دیار بوو لێی تێگەیشتبن ئەوە بوو، کە ئیدی ڕێژیمی پاشایەتی نامێنێت و دەبێتە کۆماری و هەموو خەڵک وەک یەک دەبن و چ جیاوازییەک لە نێوان مرۆڤێک و مرۆڤێکی دیکەدا نامێنێت. ئەوە یەکەم تێگەیشتنی منی ئەو کاتە منداڵ و ئەو خەڵکە بوو، لەو جمبووری و سەبرەیە. پێم وایە کەس بە ڕێکوپێکی نەیدەزانی، ئەو بارە بەرەو کوێ دەڕوا و بە چ ئەنجامێک دەگات. هەر دوای ئەو گۆڕانە ئیدی ئەو خەڵکە وەک پێشتر دەست و پێیان بەسترابێتەوە و پێوەن کرابن و لەپڕ بەرەڵلا کرابن وا بوون. هاتوچۆ و جمووجۆڵێکی سەیر و سەمەرە لە هەموو لایەک پەیدا بووبوو. لە نێو شار و شارۆچکەکاندا، خۆپێشاندان و ڕێپێوان دەکرا و دەنگی بژی و بڕووخی لە گشت لایەک دەهاتە گوێ. پاییز فێرگە کرایەوە و چوومەوە کەلار. بەڕێوەبەری فێرگەکەمان، مامۆستا "حوسەین عەلی بەیاتی" بوو. خەڵکی کفری بوو، تورکمان بوو و کۆمۆنیستیش بوو. مامۆستا بەیاتی، یەکێکە لەو مامۆستایانەی، کە تا ئێستاش خۆشم دەوێ و ڕێزێکی زۆرم بۆی هەیە. یەکەم سروودێک، کە مامۆستا بەیاتی فێری کردین:

"سنمضي سنمضي **الى** ما نريد وطن حر وشعب سعيد

سنحمي سنحمي حماة السلام ونبني ونبني عراقا جديد" (هەر دەڕۆین هەر دەڕۆین تا دەگەینە مەبەست نیشتمانێکی ئازاد و گەلێکی بەختیار، هەر دەپارێزین هەر دەپارێزین پارێزگارانی ئاشتی، عیراقێکی نوێش دروست دەکەین و هەر دروست دەکەین) بوو. هەموو منداڵانی مەکتەب وێکڕا و بەیەک دەنگ، ئەو سروودەمان

www.kurdistannet.org
19/07/2003 23:40

بە دەنگ و ئاوازێکی زۆر خۆش دەگوتەوە. مامۆستا بەیاتی واتای سروودەکەیشی بۆ لێکدابووینەوە و کۆڵێک بە واتاکەی دڵخۆش و کەیفخۆش بووین و بۆ ئەو ئاواتە دەژیاین.

پێش ئەو گۆڕانە –واتە: پێش 14ی تەمموز- منداڵە بەگزادەکان (بەگزادەی جاف) ، کە لەگەڵماندا دەیانخوێند، زۆر قیت و قۆز و جوانپۆش و شۆخ دەبینران و زۆریشیان ڕێز لێ دەگیرا. ڕەنگە بەشێکی ئەو ڕێزە زۆرەش ترس بووبێت. پاش ئەو گۆڕانە، ئەو بەگزادە گچکانە، وەک جاران نەمان. ژاکان و سیس بوونەوە. ئەو مامەڵە تایبەتییەی، کە جاران دەکران، نەما و لەگەڵ بەچکە وەرزێر و هەژاراندا، لە جل و بەرگ و پۆشاک و شێوەی هەلسوکەوت و پەیڤیندا نەبێت، کە نەدەکرا ئەوانەشیان لێ زەوت بکرێت، جیاوازییان نەما. منداڵی ئەو دەمە پارە و پووڵی وەک منداڵی ئێستاکە لە باخەڵدا نەبوو. مام ئەحمەدی فەڕاشی فێرگە، نوقڵ و بسکویت و چوکلێت و شەکرۆکەی، لە نێو فێرگەدا و لە کاتی پشوودا دەفرۆت. باوکم پێشەکی پارەیەکی دەدا بە مام ئەحمەد و منیش بایی ئەو پارەیە لەو شتانەم لا دەبرد، تا پارەکەم تەواو دەبوو. لە ناو گوندیش، سەمینی حەمید بەقاڵ و سەمینی کاکەمین، دوکانێکی گچکەیان هەبوو و ئەوانیش شەکرۆکە و نوقڵیان دەفرۆت. ئەمان شەکرۆکە و نوقڵی بە کاغەز پێچراوەیان دەفرۆت، کە وێنەیان تێدا بوون. وێنەی عەبدولکەریم قاسم و هی دیکەش. ئێمەی منداڵ، خوومان دابووە کڕینی ئەو جۆرە شەکرۆکە وێنەدارانە و ئەگەر عانەیەکمان دەست کەوتبا، دەماندایە ئەو شتانە. ناوی عەبدولکەریم قاسممان باش دەزانی و زۆریشمان خۆش دەویست.

لە پلەیەکی تەمەندا یا ڕەنگە بە درێژایی ژیانیش هەر وا بێت، مرۆڤ هەر لە خۆیەوە و بەبێ هیچ هۆیەک و بێ ئەوەی بە وردی نۆڕیبێتییە مەسەلەکە، کەسێک یا چەند کەسێک، دەبنە بەرسەرنج و خۆشەویست و ڕێنوێن و ڕێبەر و بەرحەز و مایەی شانازی و پەرستراو و هەموو باشی و جوانی و ڕاستی و ئازایی و زیرەکی و زاناییەک و دەیان چاکەی دی لە خۆدا کۆدەکەنەوە. ئەو کەسانە زۆرجاران، سەرکردەیەکی سیاسی، مامۆستا، فەیلەسووف، هزرڤان، دیمانەکار (تیۆریست) ، شاعیر، نووسەر، ئەکتەری شانۆ، ئەکتەری سینەما، سترانبێژ یا هونەرمەندێکن، یا جەردە، دز، چەتە، مرۆڤکوژێکن یا ڕەنگە کوڕە چەتوونە چەمووشە چەقۆکێشە لاسارە هۆکێیە شەڕانییەکەی گەڕەک، یا کچە بالابەرزە گەنمڕەنگە خوێنگەرمە چاوگەشە قەلاشە چاوباشقاڵە گەرمۆڵەکەی کۆلان بێت. مرۆڤ وەک دەروێشێک لە شێخەکەیدا یا موریدێک لە مورشیدەکەیدا یا عاشقێک لە خۆشەویستەکەیدا، هیچ جۆرە هەڵە و کێماسییەک لەو جۆرە کەسانەدا، وەدی ناکات. دواتریش ناوی مەلا مستەفای بارزانی دەبیسترا و ئەویش خۆشەویست بوو. ناوی ئەو –لە لای گەورەساڵان- هەستی کوردبوون و باسی کوردایەتی لای خەڵک دەبزواند. ئێمەی منداڵ عەبدولکەریم قاسممان خۆشتر دەویست و باسی کورد و کوردایەتی بۆ ئێمە گرنگ نەبوو. عەبدولکەریم قاسم بۆ میلیۆنان زارۆک و گەورەساڵانی عیراق، ڕێبەر و خۆشەویست و پەرستراو و ئازا و ڕێبین و ڕزگارکار و فریشتەی خێر و خۆشی بوو. لە نێو زۆربەی ماڵاندا و بە خواستی خۆیان، وێنەیەکی عەبدولکەریم قاسم، هەڵواسرابوو. جاری وایش هەبوو، بێجگە لە وێنەی ئەو، وێنەی خەڵکی دیکەش هەڵدەواسرا. وێنەی عەبدوسسەلام عارف، مەهداوی، وەسفی تاهیر، ماجید موحەممەد ئەمین، مەلا مستەفای بارزانی، شێخ مەحموود – لە ژوورێکی ماڵی خۆماندا، وێنەیەکی شێخ مەحموود هەڵواسرابوو، کە لە پاڵ بەردەقارەماندا گیرابوو، پێمان دەگوت وێنەکەی شێخ مەحموودی مەلیک و لە دیوێکی دیکەش، وێنە و وەسیەتنامەکانی، چوار ئەفسەرە شەهیدەکان، عیززەت و خۆشناو و خەیروڵلا و قودسی، هەڵواسرابوو – و زۆری دیکەش.

خۆپێشاندان بووبووە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی کەلاری ئەو دەم. خەڵکی گوند بە چەندین سەدان، بەڵکە بە هەزار و پتریش، لە بەر مزگەوتەکەدا کۆدەبوونەوە و پاشان ڕێپێوان ڕێکدەخرا و دەستی پێ دەکرد. دەبوو بە زۆربەی کۆڵانە گەورەکانی گونددا و بە تایبەت بە بەر ماڵە بەگزادەکاندا برۆن. زۆرجاران ئەحمەدی فەتاح ڕۆستەم –خوای لێ خۆش بێت- پێشەنگ و پێشڕەوی ئەم ڕێپێوانانە بوو. گەلێک جاریش شێخ عەتای تاڵەبانی، ئەو نۆرەیەی دەبینی. ئەوان پێش دەکەوتن و خەڵکەکەش بە دوویاندا دەڕۆیشتن. ئێمەی منداڵە وردکەیش،

**دەکەوتینە شوێنی ئەو عەشاماتە. لەو ڕێپێوانانەدا، دەنگ بەرز دەکرایەوە و یەکێک دەیگوت و هەموو ئەوانی دی بە دوویدا دەیانگوتەوە:**

ماکو زعیم الا کریم (**کەس سەرۆک نییە لە کەریم زیاتر**) .

**باران باری تەڕمی کرد، عەبدولکەریم سەورەی کرد.**

**بژی گەل ڕۆڵەی گەل عەبدولکەریم قاسم.**

**کورد و عەرەب برایە بۆ جەمهووری فیدایە.**

جبهة جبهة وطنية لا اقطاع و لا رجعية (**بەرە بەرەی نیشتمانی نە دەرەبەگ و نە پاشڤەڕو**) .

**برووخێ ئیستیعمار.**

ماکو مؤامرة تصير الحبال موجودة (**هیچ پیلانێک ڕوونادات پەت هەیە**) .

هذا مصير الخونة الحبال موجودة (**ئەمە چارەنووسی خائینانە پەت هەیە**) .

**برووخێ دەرەبەگ.**

**کاکە کەریم** للامام ديموقراطية و سلام (**کاکەکەریم بۆ پێشەوە دیموکراسی و ئاشتییە**) .

عيني كريم للامام ديمقراطيةوسلام (**چاوەکەم کەریم بۆ پێشەوە دیموکراسی و ئاشتییە**) .

**کاکەکەریم بۆ پێشەوە ڕیشەی ئاغا بکێشەوە.**

**کاکەکەریم بۆ پێشەوە ڕیشەی دوژمن بکێشەوە.**

**کاکەکەریم بۆ پێشەوە ڕیشەی دەرەبەگ بکێشەوە.**

عاش الزعيم عبدالكريم شعب العراق شعب عظيم (**بژی سەرۆک عەبدولکەریم گەلی عیراق گەلێکی مەزنە**) .

عاش زعيمي عبدالكريمي حزب الشيوعي بالحكم مطلب عظيمي (**بژی سەرۆکم عەبدولکەریمم حیزبی کۆمۆنیست بگاتە دەسەڵات داخوازییەکی مەزنمە**) .

**برووخێ کەر کوڕی کەر جەمال عەبدولناسر.**

عاش الشعب السوري عاش بقيادة خالد بكداش فليسقط جمال حشاش (**بژی گەلی سووریا بژی بە سەرۆکایەتی خالید بەگداش با برووخێ جەمال بەنگیی**) .

سنمضي سنمضي **الی** ما نريد وطن حر وشعب سعيد (**هەر دەڕۆین هەر دەڕۆین تا دەگەینە مەبەست، نیشتمانێکی ئازاد و گەلێکی بەختیار**) .

**بژی برایەتی کورد و عەرەب و تورکمان و ئاسووری و ئەرمەنی. ئەم دروشمەم بۆ یەکەم جار لە تاریق زەینەڵ** "طارق زينل"**ی بەڕێوەبەری ناحیەی شێروانە** (سەرقەڵا) **بەرگوێ کەوت، ئەویش جارنا ڕێبەریی وەها خڕبوونەوە و ڕێپێوان و خۆپێشاندانێکی دەکرد و قسەی بۆ بەشدارانی دەکرد.**

**ئەو دروشمانە، وەنەبێ جێگرتوو و سەقامگیر بن، لەگەڵ ڕۆژگاردا ئەوانیش، وەک خەڵکەکە، گۆڕانیان بەسەردا دەهات. خالید بەگداش، کە بە ڕێبەر و سەرکردە دانرابوو و بژیی بۆ دەکرا، دوای ماوەک داوای ڕووخانی دەکرا و خەڵک دەیانگوت:** عاش الزعيم عاش فليسقط خالد بكداش (**بژی ڕێبەر بژی بژی با برووخێ خالید بەگداش**) .

**ئیدی بەو جۆرە بژی و برووخێ بەردەوام دەبوو. هەندێ جار و لە هەندێ شوێن دروشمەکان دەگۆڕان و شتی دیکە دەگوتران. بۆ بموونە: لە سلێمانی و لە نێو منداڵاندا و بەتایبەتیش کچان، لە کاتی خولانەوە و خۆپێشاندانداندا، دەیانگوت:**

**کۆترە باریکەی دەنووک عەباسی ئەچی بۆ بەغا زەعیم بناسی**

**ئەگەر نازانی زەعیمان کێیە عەبدولکەریمە و سێ نەجمەی پێیە**

www.kurdistannet.org
19/07/2003 23:40

جارجاریش شتی بێتام و له ڕەوشت بەدەر دەگوترا، وەک: نە کەر ماوە و نە مایین دەست کەینە ئاغاژن گایین. لە یەکێک لەو گوندانەی گەرمیان ژنێکی سەرە، میمکە خانمیان پێ دەگوت، پڕ بەدەم هاواری دەکرد و دەیگوت: بێرە دەشتۆ من عوزم کێر خرۆشۆف وەکوزم (وەرە دەرێ من ئەندامم کێری خرۆچچۆڤ بە کوزم) .

ماڵی بەگزادەجافەکان ئەودەم لە کەلار بوون. خەڵک ئەوانیان بە ئیستیعمار و دەرەبەگ و شاپەرست و نۆکەری بیانی دەزانی. کە خۆپیشاندان دەگەیشتە بەر ماڵەکانی ئەوان، منداڵە وردکە دەستیان بە بەردەفڕکێ دەکرد و بە سەدان بەرد بە درکەکانیاندا دەماڵرا. گەورەکانیش ئەو کارەیان دەکرد. هەر ئەوانەی کە بەردیان دەهاوێشت، چەند مانگێک پێش ئەو کاتە، هەلی ئەوەیان بۆ هەڵنەدەکەوت، لە دیوەخانی یەکێک لەو بەگزادانەدا، لە پایینی پایینەوە دانیشن. زۆرینەی ئەو خەڵکە، ئەگەر نەڵێم گشتی، بە شێوەیەک گرێدراوی ئەو بەگزادانە بوون و زۆرجاران چاوەنۆڕی لالێکردنەوەی ئەوان بوون. خۆپیشاندان وەک مار، بە نێو کووچە و کولانادا دەکشا و دەپێچا، تا دەهاتەوە بەر مزگەوت. ئەوجا ئەحمەدی فەتاح ڕۆستەم یا شێخ عەتای تاڵەبانی یا کەسێکی دیکە، دەچوونە بانی مزگەوت و دەستیان بە قسان دەکرد. باسی ڕۆژ، باسی شۆڕش، باسی شتگەلێک، کە دڵی خەڵکەکەی فێنک دەکردەوە و باسی بەڵێن و زۆر شتی دیکەش دەکران. خەڵکەکە بەو قسانە هێندەی دی دەورووژان و دەنگی برووخێ و بژییان، پتر تاوی دەسەند و جۆش و هەرایان سەرلەبەری ئاوایی دەهەژاند.

سروودی: عبدالكريم كل القلوب تهواك عبدالكريم رب العباد يرعاك (عەبدولکەریم هەموو دڵان خۆشتیان دەوێ، عەبدولکەریم خودای بەندان بتپارێزێ) ، کە جێی: مليكنا مليكنا نفديك بالارواح (پاشامان پاشامان قوربانت دەبین بە گیان) ی گرتەوە و سروودی: هەربژی کورد و عەرەب رمز النضال (هەربژی کورد و عەرەب نیشانەی خەبات) ، ختووکەی هەستی خەڵکیان دەدا و هیوا و ئاواتەکانی خەڵکیان دەڕازاندەوە. خەڵک چاوەنۆڕی زۆرتر و خۆشتر و باشتر بوون. ئێمەی منداڵانی ئەو کاتە، زۆرمان دڵ بەو وێنە و مەدالیا ئاسنانە و بریق و باقی ئەو سەردەمە خۆش بوو. زۆرجاران، کە باوکم لەگەڵ خۆیدا دەیبردم بۆ کفری، داوام دەکرد وێنەی عەبدولکەریم قاسم و کۆتری ئاشتیم بۆ بکڕێت. جاروبار لە کەلارەوە نامەی منداڵانەم بۆ کاکەحەمەم (باوکم) دەنووسی و لە بنەوە و پێش ئەوەی ناوی خۆم بنووسم، بەم ڕستانە کۆتاییم بە نامەکە دەهێنا: بژی جەمهووری، بژی سەرۆکی تاقانە عەبدولکەریم قاسم و بژی حیزبی شیووعی عیراقی. لە مێشکە بچکۆلانەکانی ئێمەمانانیشدا، ئەو دروشمانە چەسپابوون و لەگەڵیاندا دەژیاین و بەو هیوا و ئاوات و خەونانەوە دەماننۆڕییە داهاتوو و پێمان وابوو، عیراق دەبێتە بەهەشتێک و ئیدی مەڕ و گورگ پێکرا ئاو دەخۆنەوە و ژیان لە بەختیاری و شادی زێتر هیچی دیکە نابێت. سۆسیالیزمی خەونی هەزارساڵەی مرۆڤایەتی، دێتە دی و ئیدی مرۆڤ برسی و بێکار نابێت و لە سەر چین و ڕەگەز و ڕەنگ و ئایین و بیروباوەڕ و بۆچوون، ناچەوسێنرێنەوە. هەموو خەڵک گەشبین بوون و دڵیان بە ڕووداوەکان خۆش بوو و وەها دەیاننۆڕییە ڕووداوەکان.

ڕووخانی پاشایەتی بە پێوەری ئەو دەمە، مایەی دڵخۆشی پڕانیی خەڵک بوو. ئازادیی بیروباوەڕ، یەکسانی گشت نەتەوەکان، نەمانی دەرەبەگایەتی و بەشینەوەی زەوی بە سەر وەرزێراندا، ئازادیی ڕێکخراو و حیزب و سەندیکا، نەمانی دەسەلاتی بیانی و کۆمپانییەنەوتییەکان، ڕزگاربوون لە پەیمانی سەنتۆ و پێوەندارییەتیی دەوڵەتگەلی کۆلۆنیالیست، ئازادی ژن و یەکسانییان لەگەڵ پیاودا، گەلێراندنی کار و خوێندن و لەشساغی و. . . . ئەمانە و دەیان شتی دیکە، بابەتگەلێک بوون، کە ئاپۆرەی خەڵک و مرۆڤی ئەو وڵاتە (عیراق) بە گشت نەتەوە و ئایین و ئاییترا و توێژاڵ و چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە، بە تەمایان بوون و چاوەنۆڕیان بوون و دەیانەویست وەدی بێن و لەگەڵیاندا بژین. بەلام هەموو ئەوانە، وەک خەونێکی خۆش، موچوڕکەیەک و چێژێکی کەمخایەن ڕەوینەوە و ئێمەی منداڵی ئەودەمە و لاوان و گەورەسالانی دواتر و کۆمار و وڵات و خەڵک و مرۆڤ و خۆزی و ئاواتەکان، سەرلەبەریان، خۆمان لە نێو دۆزەخێکدا بینییەوە، دۆزەخێکی گەورە، مەنجەنیقێک. کوشتن، بڕین، هەڵواسین، گوریسلەملخستن و ڕاکێشان، بۆمبباران، چەک، سەرباز، بەرگریی گەلێر (المقاومةالشعبية) ، پۆلیس، پاسەوانی

نەتەوەیی (الحرس القومي) ، دز، ساختەچی، جاش –هەم ئاساییەکانیان و هەم جاشە خاوەن ئایدیۆلۆژییەکان، کە سالانێکی دواتر پەیدا بوون- بە هەموو جۆرەکانییەوە، ئەنفال، هەلاتن، مێگ، سۆخۆی، میراژ، سەدانی دیکە، کە دەشێ فەرهەنگانیان لێ ساز بکرێن. ئێمەی منداڵی ئەو دەمە، لەگەڵ ئەوانەدا مەزن بووین. گۆڕانەکان بەرەو خراپتر چوون و کەسیش نەیدەزانی ئەو بارە بەرەو کوێ دەڕوا و بە چ ئەنجامێک دەگات. ڕێڕەوی گۆڕانەکە بەو جۆرەی، کە دەبوو بڕوا نەڕۆییشت. دەسپێکی هەڵەکان، هەر لە ڕۆژی 14ی تەمموزی 1958 خۆیەوە بوو. تۆوی بەدبەختی و تەواوی کارە ناحەز و ناپەسەندەکانی سالانی دواتر، هەر لە چۆنیەتی ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکە خۆیدا بوو. کوشتن و قەلاچۆکردنی ماڵباتی شا و بەو شێوە ناشیرین و دڕندانە و نامرۆڤانەیەی، کە کرا، بۆ خۆی، کارێکی دزێو بوو. پەتخستنەملی مرۆڤ و ڕاکێشانی لەشی بێگیان، بە نێو جادەدا بە دوای ئۆتۆمبیلەوە و پارەپارەکردنی لەش و کرۆژتنی قامک و دەستی بڕاو و هەڵواسینی نیوەلەشی مردوو بە دیوارەوە و هۆیهاگوتن و فیکاندن و شاییکردن و خۆبادان، لەبەردەم ووەها دیمەنێکدا، دەبێ لە هۆڤیەتی زێتر ناوی چی لێ بنرێت!. مەسەلەکەش ئەگەر هەر لە قڕکردنی بنەماڵەی شادا ڕاوەستابا، هەرنەیسە خراپ نەبوو، بەلام بە دادگادان و تیرباران و لە سێدارەدانی پیاوانی سەردەمی پاشایەتی، تەنێ لەبەر ئەوەی، کە لەو سەردەمەدا کاربەدەست بوون –لە نێو ئەوانەدا پیاوی ئەوتۆیی تێدا بوو، کە لێزانی و زیرەکی و دڵسۆزی و خزمەتگوزارییان بە خەڵکی ئەو ولاتە، تا ئێستاش وەک نموونە باس دەکرێن، نموونەی ئەوانەش سەعید قەززازە- ئەوانە کارەکەیان ناحەزتر و دزێوتر کرد. ئیدی بە درێژایی سالانێک، کە عیراق ناوی کۆماری لێ نرا و تا ئێستاش، ئەو جۆرە ڕەوتارانە بەردەوامیی هەیە، لە بری ئازادی، خۆشەویستی، هاریکاری، یەکسانی و یاسا، دیاردەی ڕاکێشان هاتە ئاراوە. گوریس و پەت، شوێنی گوڵەگەنم و کۆتری ئاشتییان گرتەوە. لە 1958ەوە تا ئەوڕۆ، سالانی دەسەلاتداریەتی عەبدولکەریم قاسمی لێ دەرچێت، ئیدی لە 1963 و هاتنە سەرکاری بەعسەوە، زەبر و کوشتن و قەلاچۆ و وێرانکاری، لە کاری تاکەکەسییەوە، بوو بە کارێکی دەوڵەتێنراو و شێوەیەکی ڕەسمی و قانوونی وەرگرتووە. ئەوەی کە دەبوو بەهاترین سەرمایە بێت (مرۆڤ) ، بێبایەخترین شتە لەو ولاتەدا. ئەو دیاردە دزێوانەی، کە باسکران بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار و سالان، نەک هەر بە شێوەکانی خۆیان مانەوە، بەڵکە یەک حەمکە بەدەوکاریشیان تێدا کران. لە کوشتن و هەڵواسین و ڕاکێشان و تیربارانی تاکەتاکەوە، کار گەیشتە کوشتن و هەڵواسین و ڕاکێشان و تیربارانی سەدان هەزار. لە ئاگرتێبەردانی یەک ماڵ و سووتاندنی یەک شت و ڕووخاندنی خانوویەکەوە، کار گەیشتە گڕتێبەردان و سووتاندن و ڕووخاندنی، سەدان شار و گەڕەک و هەزاران گوند و سەدان هەزار خانوو و وێرانکردنی یەک ولاتی تەواو و دزینی نیشتمانێک و برسیکردنی دەیان میلیۆن مرۆڤ. موزەففەر ئەلنەوواب (مظفر النواب) گوتەنی:"هیچ خاکێک شک نابەم، هێندەی خاکی ولاتەکەم، بە خوێن و خۆر ئاودرابێت". ئەودەمە وەک منداڵ، ئێمە وەدووی لێشاوەکە کەوتبووین و ئاوەزی شیکردنەوە و وردکاریمان نەبوو، بەلام ئێستا، کە بە چاوێکی ڕەخنەگرانە دەنۆڕمە ڕووداوەکان و ئەو ولاتە کەلاوەیەی خۆمان و ڕووداوەکانی، بە بالای ولات و ڕووداوی لەو جۆرە دەگرم، دەتوانم بایی قایلکردنی ویژدانی خۆم، تیرێژ بخەمە سەر ئەو ڕووداوانە و ڕوونتر بیانبینم. زۆر سەیرە گرتنی ڕادیۆی بەغدا و کوشتنی بنەماڵەی شا، لە لایەن چەند سەرباز و ئەفسەرێکەوە، کۆتایی بە سەردەمێک و دەسەلاتدارییەک بهێنێت و نێوی شۆڕشی لێ بنرێت. ئەوەی کە لە 14ی تەمموزی 1958دا لە عیراق ڕوویدا، ناکرێ لە کوودێتا زێتر، ناوێکی دیکەی لێ بنرێت. گۆڕان لە شێوەی دەسەلاتدا، ئەگەر هاوڕێ نەبێت لەگەڵ گۆڕان لە واتا و چەمکەکاندا، ئەوا هیچ شتێک لە کۆمەڵگەدا ناگۆڕێت. ئامانجی شۆڕش تەنێ دامەزراندنی بینای سیاسی نییە، بەڵکە بیناکردنەوەی تەواوی کۆمەڵگە دەگرێتەوە. مارکس دەڵێ:"نەبوونی ڕەگیەتیی لە شۆڕشدا، کە بۆ خۆی لە کرۆکدا گۆڕینێکی ڕەگییە، دەبێتە هۆی تێکشکانی و لە دواییشدا دەبێتە هۆی گەڕانەوەی گشت گەندەڵییە کۆنەکە". شۆڕش بزاڤێکی سەرلەبەرە و سیاسەت تەنێ لایەکە لە لا زۆرەکانی. بە چ پێوەر و فەلسەفە و زانست و تیۆرییەک، دەکرێ شۆڕشی فرانسە و شۆڕشی ئوکتۆبەری ڕووسیا و سۆڤییەتەکان و شۆڕشی ماوتسیتۆنگی چین و شۆڕشی

ئەلجەزائیر و شۆڕشی کووبا و شۆڕشی 1979ی ئێران، لەگەڵ ئەو گۆڕانەی 14ی تەممووزی 1958ی عیراقدا، پێکەڵ بکرێن و بە بالای یەکدی بگیرێن و ئەوەی عیراقیش نێوی شۆڕشی لێ بنرێ؟ ئەو گۆڕانەی عیراق پاش ڕوودانی، بۆ پرانیی خەڵک، مایەی دڵخۆشی بوو، بەڵام ئایا پێش ڕوودانی چ وەرزێرێکی شارەزوور، چبایش، دەشتی قەراج یا تویْریج (طويريج) بەوەیان دەزانی؟ کەنگێ خەڵکی ئەو وڵاتە، لە زاخۆوە تا بەسرە و لە سلێمانییەوە تا ڕوتبە (الرطبة) ، هەموو وێکڕا ڕاپەڕیون و پەلاماری دامودەسگە و کارگێڕی و دەسەڵاتداریەتی سەردەمی پاشایەتییان داوە و تێکیان هاڕیوە؟ دەی کە وا نەبێ، بۆ دەبێ نێوی شۆڕش بە هەڵە بەکار ببرێت و کوودێتا بکرێت بە شۆڕش.

ئەدۆنیس دەڵێ:"بڕوای مرۆڤ بەوەی، کە تەنێ خۆی خاوەنی ڕاستییە، سەرچاوەی هەموو داپڵۆسینێکە". زۆرجاران لە بری مرۆڤێک، بیروباوەڕێک، پارتییەک، کۆمەڵەیەک، دەستە و تاقمێک، سا ئیدی سیاسی، فەلسەفەیی، ئایینی یا هەر شتێکی دیکە بێت، دەبێتە بەرسەرنج و خۆشەویست و ڕێنوێن و ڕێبەر و بەرحەز و مایەی شانازی و پەرستراو و هەموو باشی و جوانی و ڕاستی و ئازایی و زیرەکی و زانایییەک و دەیان چاکەی دیکە لە خۆدا کۆ دەکاتەوە و ئەو نۆرەیە دەبینێت و دەبێتە ئایین و شارێگە و مرۆڤ خۆ لە پێناویدا بە کوشت دەدات و خەڵکیش دەکوژێ و گومانیشی لە ڕاستی خۆی و هەڵەی بەرانبەرەکەی نییە. ئایین، نەتەوە، خێڵ و هۆز –بە تایبەت لە ڕۆژهەڵات و وڵاتانی جیهانی سێیەم و چوارەم و وڵاتە دواکەوتووەکانی تر- و ڕەگەز و حیزب، زۆرجاران مرۆڤ نابینا دەکەن و تووشی دەمارگیری و لەخۆدەرچوونی دەکەن و هیچ جیاوازییەکیش، لە نێوان دەمارگیریی بۆ ئایین و نەتەوە و خێڵ و هۆز و ڕەگەز و حیزبێک و ئایین و نەتەوە و خێڵ و هۆز و ڕەگەز و حیزبێکی دیکەدا نییە. ڕووداو و گۆڕانەکانی دوای 14ی تەممووزی 1958یش، کارێکی وایان کردە سەر خەڵکی عیراق، کە نەک هەر سەردەمی پاشایەتی بە بۆگەن نەزانن، بەڵکە بە بەراورد لەگەڵ ئەم نێزیکەی چل ساڵەی سەردەمی کۆمارییەدا، بە دیموکراسی و خۆشگوزەرانی و ئاساییش و ئارامیی بزانن و گەلێکیش بەخێر یادی بکەنەوە و ناوی بهێنن. هەر لە دوای 14ی تەممووزەوە، ئیدی فەلسەفەی زۆر و زەبر و کوشتن، بوو بە فەلسەفەی سەردەست و زاڵ و باو. هەر ئەو فەلسەفەیەش بوو بە شێوەی بیرکردنەوە و فەرهەنگ. ئەودەمە ناوی نوێ و بەزمی نوێ، هاتنە ئاراوە. خەڵک بەشرانەوە بە سەر دەستە و تاقم و کورد و عەرەب و تورکمان و ئاسووری و ئەرمەنی و سابیئە (الصابئة، المندائيون) و حیزب و بۆرژوازی و دەرەبەگ و ئیستیعمار و شیووعی و بەرگری گەلێر (المقاومةالشعبية) و پێشکەوتنخواز و کۆنەپەرست و بەعس و نەتەوەیی عەرەب و ناسری و پارتیی و نۆکەر و سەد شتی دیکەدا. هەر دروست ئەو بەشرانەوەی خەڵکە لە دوای 14ی تەممووزەوە، بوو بە بنەمای سەرهەڵدانی فەلسەفە و فەرهەنگی داپڵۆسین. هەرچەندە لە سەردەمی پاشایەتیشدا، یا هەر لە دەسپێکی دامەزراندنی عیراقەوە، وەک دەوڵەتێک، شتێک بە نێوی گەلی عیراق، وەک یەکەیەکی یەکپارچە و پتە و یەکگرتوو، نەبووە و هەمیشە لاوازییەک لە پێکهاتەی کۆمەڵگەکانی نێو عیراقدا، بە هۆی شێوەی دابەشبوونی دەسەڵاتەوە، هەبووە، چونکە دەسەڵات بە دەست کەمینەیەکی سوننەی عەرەبەوە بووە و زۆرینەیەکی شیعەی عەرەبیش هەمیشە چەوساوە و زۆرلێکراو و کوژراو بوونە و کوردەکەش نۆرەیەکی ئەوتۆ و لەبەرچاوی نەبووە، بۆیە زۆرجاران هەستی عیراقیبوون و خۆشیبینین لەو عیراقییەتییە، تا ڕادەیەک لای شیعە و کورد لاواز بووە. لە سەردەمی پاشایەتیدا تەنانەت کەسێکی وەک شەهید "فەهد"ی، دوژمنی سەرسەختی ئەو ڕێژیمە، مافی ئەوەی هەبوو، کە لە دادگەدا داکۆکی لە خۆی بکات و پارێزەریشی هەبێت. بەڵام لە کۆماریدا لەو جۆرە باسانە هەرگیز نەبیستراوە.

ئەگەر شۆڕشی زانستیی گۆڕینی هەڵکەوت (واقع) بێت، بەرەو ئازادتر، تێرتر، پۆشتەتر، لەشساغتر، شادی، باشتر و خۆشتر، ئەوا لە سایەی کۆماردا لە عیراق، ئەوانە نەهاتنە دی و خەڵک تا ڕادەیەک، مەگەر لە خەون و دووتوێی ڕووبەری کتێباندا ئەوانە ببینێت. ئەگەر ئەو ئەفسەرە ئازادانە (الضباط الاحرار) ، کە لە دڵسۆزی و خۆشەویستی خەڵک و خاک و وڵاتەوە، ئەو کوودێتایەیان ئەنجام دا، لێگەڕابان و ئەو کارەیان نەکردایە، ئەوا ڕەوتی ئەو وڵاتی

www.kurdistannet.org
19/07/2003 23:40

عیراقە پاشایەتییە، زۆر بە ئاسایی دەڕۆیشت و لە باری کشتوکاڵی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و لەشساغی و هەموو بوارەکانی دیکەوە، گەشەی دەکرد و پێش دەکەوت. ئەگەر دیموکراسی ڕۆژاوایی، کە لە هەڵبژاردن و ململانێی پارتایەتی و سیاسیدا خۆ دەنوێنێت، مەبەست بێت بۆ بەڕێوەبردنی وڵات، ئەوا لە سەردەمی پاشایەتیدا هەڵبژاردن هەبوو و پەرلەمانیش هەبوو و لە هەندێ کات و قۆناغیشدا پارتییە سیاسییەکان، بێجگە لە پارتیی کۆمۆنیست و پارتیی دیموکراتی کوردستان، بە ئاشکرا کاریان دەکرد و بەشداریی هەڵبژاردنیشیان دەکرد. هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقەوە لە ساڵی 1921دا، تا ساڵانی جەنگی جیهانیی دووەم، حوکوومەتەکانی ئەو دەمانەی عیراق، زۆر بە توندی، دژی بۆچوون و بیروباوەڕی جیاوازی خەڵک نەبوون و ڕێگەیان لە ڕادەربڕین نەگرتبوو، بەڵکە تا ڕادەیەکیش جۆرە ئازادییەک، بە هەڵگرتن و بڵاوکردنەوەی ڕا و بۆچوونی نوێ، لە بواری سیاسەت، کۆمەڵناسی، ئەدەب، فەلسەفە و هونەردا درابوو و ئەو ئازادییەش بووبووە هۆی پەیدابوون و دامەزراندنی خوێندنگە و یانە و ڕێکخراوی نەتەوەیی و کۆمۆنیستی و ئایینی و هی دیکەش. لە ساڵی 1938دا بە گوێرەی قانوونێک، کە ئەو کاتە دانرا، ئەو کەسەی کە پرۆپاگەندەی بڵاو کردبایەوە، یا هەڵگری بیروباوەڕی کۆمۆنیستی و ئەنارکیستی و بەرەڵڵایی بووایە، تووشی حەوت ساڵان، زیاتر نە، زیندان دەبوو، یا دەبوو پارەیەک بدا، یا هەردووکیان (زیندان و پارە) . بەو قانوونە ئیدی ڕێگە لە بەئاشکراباسکردنی کۆمۆنیزم گیرا. ساڵانی 1946-1954، ڕێگەی کارکردنی ئاشکرای پێنج پارتیی سیاسیی، لە لایەن ڕێژیمی پاشایەتییەوە درابوو. پارتییەکان ئەمانە بوون: پارتیی نیشتمانیی دیموکراتی (الحزب الوطني الديمقراطي) ، پارتیی سەربەخۆیی (حزب الاستقلال) ، پارتیی گەل (حزب الشعب) ، پارتیی یەکیەتیی نیشتمانی (حزب الاتحاد الوطني) ، پارتیی ئازادان (حزب الاحرار) . پارتیی ئازادان (حزب الاحرار) ی لێ دەرچێت، هەر چوار پارتییەکەی دی، هەموودەم نوێنەری ئۆپۆزیسیۆن بوون و تا ڕادەیەکیش بیروڕای خەڵکە مارکسی و چەپ و سۆسیالیست و نەتەوەییەکانیان دەردەبڕی و بە شەرمیشەوە نوێنەرایەتییان دەکردن. پاشتریش چوار پارتیی دیکەش ڕێگەی کارکردنیان پێ درا، کە ئەمانە بوون: پارتیی بیراز (حزب الاصلاح) ، پارتیی یەکیەتیی دەستووری (حزب الاتحاد الدستوري) ، پارتیی بەرەی گەلێری یەکگرتوو (حزب الجبهة الشعبية المتحدة) ، پارتیی ئوممەی سۆسیالیستی (حزب الامة الاشتراكي) . لە ساڵی 1954دا، کارکردنی ئاشکرای پارتییە سیاسییەکان قەدەغە کرا و ئیدی قۆناغێکی نوێی کارکردن دەستی پێ کرد، ئەویش قۆناغی کارکردنی نهێنی بوو. هەرچی ئەم ڕێژیمە بە ناو کۆمارییانانەیە، کە لە 14ی تەممووزی 1958 بە دواوە دەسەڵاتدارن لە عیراقدا، لە بری هەڵبژاردن و چەسپاندنی دیموکراسییەک، کە خۆیان شەو و ڕۆژ باسیان لێوە کردووە و دەکەن، فشە و درۆی شاخدار و تارمایی مەرگ و ژار و فیشەک و ئاگریان، هەموودەم کردووەتە خەڵاتی خەڵکی ئەو وڵاتە. ئەو عیراقە دەوڵەمەندەی پڕ لە نەوت و خێر و بە پیت و بەرەکەتە، ئەگەر نەکرابا بە کۆماری، هەرگیز حاڵ و بار و گوزەرانی، لە نزمترین ڕێکار و خراپترین شێوەدا، لە ئێستاکەی مەغریب، ئوردون، کووەیت، میرنشینەیەکگرتووەکانی عەرەب، قەتەر یا عومان، خراپتر نەدەبوو و بێگومان سەدان جار باشتریش دەبوو. هەرگیز وەک ئێستاکە، خەڵک برسی نەدەبوو و خەڵک لە مەرگ نەدەترسا و ئەو میلیۆنە خەڵکانەش لە جەنگی عیراق و کورد، عیراق و ئێران، عیراق و هەموو ڕۆژاوا، بەعس و کورد، بەعس و کۆمۆنیست، بەعس و هەموو عیراق، کۆمۆنیست و پارتیی، کورد و کورد، عەرەب و عەرەب، کورد و تورکمان، ئەنفال، کیمیاییبارانەدا نەدەکوژران، کۆچپێکردنی زۆرەملێ و هەڵاتن بۆ دەرەوەی وڵاتیش، میلیۆنانی ڕاو نەدەنا. نە برسییەتی و نە گرانی و نە وێرانکاری و خراپەکاریش بەم جۆرەی ئێستا دەبوو.

هەڵەیەکی کوشندەی دیکە، کە لە بەرپرسیاریەتی ڕووداوەکاندا، نۆرەیەکی خویا و بەرچاوی هەبوو، شێوەی پەروەردەکردنی خەڵک بوو، لە لایەن حیزبی کۆمۆنیستی عیراقەوە. زۆرجاران خەڵکیان چەواشە دەکرد و ناڕاست تێیاندەگەیاندن، بۆ نموونە لە وڵاتێکی دواکەوتووی ڕۆژهەڵاتیی، وەک کوردستان و عیراقدا، کابرایەکی تا چەند ساڵ لەوەوبەر مەلا، کە لە گوندناندا وەعزی بۆ خەڵک دەدا، لە پڕ کەوتبووە پرۆپاگەندە، دژی ئایین و ئیسلام و

خوا و قورئان و نوێژ و. . . . له‌ بری ده‌ره‌به‌گایه‌تی و سه‌رمایه‌داری و زێده‌بایی، ئه‌و جۆره‌ شتانه‌ی، که‌ پێوه‌ندیان به‌ ئایینه‌وه‌ هه‌بوو، لێی بووبوون به‌ گیروگرفت. شێوه‌ی خه‌باته‌ کۆمۆنیستییه‌که‌ و بلاوکردنه‌وه‌ی بیروباوه‌ڕه‌که‌، له‌ لایه‌ن ڕۆشنبیرانی کۆمۆنیسته‌وه‌، تا ڕاده‌یه‌ک ڕه‌نگێکی فه‌لسه‌فه‌یی و زانستی و ئایدیۆلۆژی پێ درابوو، نه‌ک سیاسی، کۆمه‌لایه‌تی و ئابووری، که‌ به‌ لای زۆرینه‌ی خه‌ڵکه‌وه‌ ڕوون و ئاشکرا بوو و هاسانتر لێی ده‌گه‌یشتن. ئه‌و شێوازه‌ کارکردنه‌ش، بووبووه‌ هۆی دروستبوونی وێنه‌یه‌کی ناحه‌زی کۆمۆنیزم، وه‌ک دژه‌ ئایین، دژه‌ نه‌ته‌وه‌ و دژه‌ نه‌ریت، له‌ مێشکی خه‌ڵکانێکی زۆردا، که‌ پاشان به‌ زیانی پارتیی کۆمۆنیستی عیراق گه‌ڕایه‌وه‌. که‌سانێکی دیکه‌ی ئه‌و حیزبه‌ باسی ئه‌وه‌یان بۆ وه‌رزێران ده‌کرد، که‌ له‌ ماوه‌یه‌کی که‌مدا، ناباته‌ ساڵێک، ئیدی هه‌ر وه‌رزێرێکی عیراقی، ده‌بێته‌ خودانی تراکتۆر و که‌مباین و خانووی چاک و کێڵگه‌ی خۆی و ئیدی پێویست ناکات وه‌رزێر چاوه‌نۆڕی خوا بێت، بۆ ئه‌وه‌ی بارانی بۆ ببارێنێت، چونکه‌ خوا هه‌ر نییه‌ و پاشان به‌ مه‌کینه‌ و ته‌کنیکی نوێ باران ده‌بارێنرێت و وشکه‌ساڵیی نامێنێت. بێجگه‌ له‌وه‌ش کارتێکی سووریان دابووه‌ وه‌رزێران، ئه‌ویش به‌ پاره‌ و بۆ خرکردنه‌وه‌ی پیتاک، له‌ وه‌رزێرانیش وابوو، که‌ ئه‌وی ئه‌و کارته‌ی هه‌بێت، ئیدی خێر و به‌ره‌که‌تی به‌ سه‌ردا ده‌بارێت و هه‌موو جۆره‌ شتێکی بۆ ده‌سته‌به‌ر ده‌کرێت و ئه‌ویشی نه‌بێت، له‌ هه‌موو خێرێک بێبه‌ش ده‌کرێت. سه‌رباری ئه‌مانه‌ش کاری ناڕه‌وای به‌رگریی گه‌لێر (المقاومةالشعبية) و پۆلیس و سه‌رباز و ده‌سه‌لاتدارانی سه‌ر به‌ میری ئه‌وده‌مه‌، که‌ پارتیی کۆمۆنیستیش، نۆره‌یه‌کی له‌به‌رچاویان تێدا هه‌بوو. بێگومان ئه‌وه‌ی که‌ ئه‌و هاوڕێیانه‌ باسیان ده‌کرد، ته‌نێ خه‌یاڵ بوو. خه‌ڵک حه‌زیان ده‌کرد خێر و به‌ره‌که‌تیان به‌ سه‌ردا بڕژێت، زه‌وی و زار و کێڵگه‌ی خۆیان هه‌بێت و پێویستیان به‌ باران نه‌بێت بۆ کاروباری کشتوکاڵ و هه‌موو که‌س خاوه‌نی هه‌موو شتێک بێت، به‌لام ئه‌مانه‌ وا زوو و به‌ بێ هیچ بناخه‌ و بنچینه‌ و خۆئاماده‌کردنێک نه‌ده‌هاتنه‌ دی.

به‌شێکی سه‌ره‌کی به‌رپرسیاریه‌تی و تاوانی ئه‌و بار و ڕه‌وش و شێوه‌ی کارکردنه‌، ده‌که‌وێته‌ ئه‌ستۆی کارگێڕان و هه‌ڵسووڕێنه‌ران و خه‌ڵکانی ناشۆڕشگێڕ و لاده‌ر و چه‌وتڕه‌و و ڕاستڕه‌وی نێو ئه‌و حیزبه‌، حیزبی کۆمۆنیستی عیراق، ده‌نا خۆ ئه‌ندامانی خواره‌ی ئه‌و حیزبه‌، هه‌موو خه‌ڵکه‌ ڕه‌ش و ڕووت و چه‌وساوه‌کانی کۆمه‌ڵگه‌که‌ بوون و نموونه‌ی مرۆڤی شۆڕشگێڕ و ساده‌ و له‌خۆبوردوو و دڵسۆز بوون. ئه‌و کارگێڕه‌ چه‌وتڕه‌و و ناشۆڕشگێڕانه‌ی نێو ئه‌و حیزبه‌، وه‌ک هه‌موو کارگێڕانی حیزبێکی دیکه‌، له‌ سه‌ر ئه‌و پڕۆپاگه‌نده‌ و کلاوبازی و که‌ڵه‌کانه‌ ده‌ژیان. سافیلکه‌یی خه‌ڵکیان به‌کار ده‌هێنا و بۆ هه‌ل ده‌گه‌ڕان و بۆ خۆیان چاک ده‌ژیان و خه‌ڵکیش هیچیان چنگ نه‌ده‌که‌وت. بۆ تێگه‌یشتن له‌ ڕه‌وتار و شێوه‌ی کارکردنی پارتیی کۆمۆنیستی عیراق و هه‌ڵویستی ئه‌وان به‌رانبه‌ر ڕێژیمی عه‌بدولکه‌ریم قاسم، پێویسته‌ مرۆڤ پاشخانێکی سیاسه‌تی ئه‌و پارتییه‌ له‌به‌رچاو بگرێت. هه‌ر له‌ دوای کۆنگره‌ی بیسته‌می پارتیی کۆمۆنیستی سۆڤییێت له‌ ساڵی 1956دا و زاڵبوونی چه‌مکه‌کانی پێکه‌وه‌ژیان له‌گه‌ڵ سه‌رمایه‌داریدا و ڕێگه‌ی ناسه‌رمایه‌داری و دیموکراتیی شۆڕشگێڕ و ئه‌و جۆره‌ بابه‌تانه‌، به‌ سه‌ر سیاسه‌تی پارتیی کۆمۆنیستی سۆڤییێتدا، ئیدی سیاسه‌تی پارتییه‌ کۆمۆنیسته‌کانی دیکه‌ی جیهانیش، ئه‌و بریسک و ڕۆشنایی و شۆڕشگێڕییه‌ی جارانیان نه‌ما و ورده‌ورده‌ ده‌سیسان. کۆمۆنیزمی سۆڤییێتی، به‌ردئاسا وشکهه‌لات و شێوه‌یه‌کی بیرۆکراتانه‌ و ڕه‌سمی و ناشۆڕشگێڕانه‌ و دووڕووانه‌ و ترسنۆکانه‌ی وه‌رگرت و لادان له‌ مارکسایه‌تی شۆڕشگێڕانه‌ و کۆمۆنیزمی وه‌رچه‌رخێندراو و به‌ره‌واژه‌ و چه‌وتڕه‌وێتی، بوو به‌ ڕێپێشانده‌ر و شارێگه‌ی زۆرینه‌ی بزاڤ و پارتییه‌ کۆمۆنیسته‌کانی جیهان. پارتیی کۆمۆنیستی عیراقیش له‌و بار و ڕه‌وشه‌ به‌ دوور نه‌بوو و هه‌مان نه‌خۆشی تووشی ئه‌ویش بوو. له‌ نێو پارتیی کۆمۆنیستی عیراقیشدا، ململانێیه‌کی ئایدیۆلۆژی توند هه‌بوو و ئه‌و پارتییه‌، تا ڕاده‌یه‌ک دوو باڵی سه‌ره‌کی یا ڕاستتر دوو هێڵی سه‌ره‌کی تێدا وه‌دی ده‌کران. هێڵێکی شۆڕشگێڕ به‌ ڕێبه‌رایه‌تیی شه‌هیدان "سه‌لام عادیل" و "جه‌مال حه‌یده‌ری" و هێڵێکی ناشۆڕشگێڕ و ڕاستڕه‌و و چه‌وتڕه‌و و کۆمۆنیستی به‌ره‌واژه‌ و ژه‌نگگرتوو به‌ ڕێبه‌رایه‌تیی "زه‌کی خه‌یری"، "عامیر عه‌بدوڵلا"، "به‌هائه‌ددین نووری"، "موحه‌مه‌د حوسه‌ین ئه‌بولعیس" و "هادی هاشم". ڕێبه‌رانی باڵی ڕاستڕه‌و و چه‌وتڕه‌و و ناشۆڕشگێڕ، به‌ موو له‌ هێڵه‌که‌ی سۆڤییێت، دوور

نەدەکەوتنەوە و پارتییەکەیان، وەک هەموو ئەو پارتییە کۆمۆنیستانەی سەر بە سۆڤییێت، بە پاشکۆیەکی تەواوی سۆڤییێت دەزانی و بە فەرمانی ئەوان هەڵسوکەوتیان دەکرد. ئەو باڵە لە بارەی ڕێژیمی نوێی عیراق و عەبدولکەریم قاسمەوە، هەمان بیر و بۆچوونی سۆڤییێتیان هەبوو، لە بری ئەوەی عەبدولکەریم قاسم بە بۆرژوازییەکی نیشتمانپەروەر دانێن، ئەویان بە دیموکراتێکی شۆڕشگێڕ دادەنا و پێیان وابوو، کە قاسم تا سەر لەگەڵ سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمدایە. لە هەمان کاتدا کە قاسم نوێنەرایەتی هێڵی نیشتمانپەروەریتی و نانەتەوەیی دەکرد، هێڵێکی دیکەش لە ئارادا هەبوو، کە لە عەبدوسسەلام عارف و بەعسییەکان پێکهاتبوو و نوێنەرایەتیی ڕەگەزپەرستی نەتەوەیی عەرەبی و دژایەتی هەموو پێشکەوتنخوازییەکیان دەکرد. ئەم دوو هێڵە لە ململانێیەکی بەردەوامدا بوون. تا پاشتر هێڵی دووەم قاسمیان بۆڕ دا و بە سەریدا سەرکەوتن.

پارتیی کۆمۆنیستی عیراق، کە لە سەردەمی پاشایەتیدا، گەورەترین و شۆڕشگێڕترین هێزی سیاسی عیراق بوو، لە سەردەمی قاسمیشدا، وەک مەزنترین هێزی سیاسی دەرکەوت، کە توانیبووی زۆرترین خەڵکی وڵات لە دەوری خۆ کۆکاتەوە. بێگومان لەو ململانێیەی نێوان قاسم و عارف-بەعسدا، پارتیی کۆمۆنیست وەک هەڵبژاردنێکی ڕاست، هەر دەبوو پشتگری لە قاسم بکات. بەلاّم ئەو پشتگرییەی قاسم، نەدەبوو بە شێوەیەکی وا بێت، کە ئیدی قاسم بە نوێنەری ڕاستەقینەی چەوساوەکانی گەل و شۆڕشگێڕ و چی و چی بدرێتە قەڵەم و چاوپۆشی لە هەموو هەڵەکانی بکرێت و بۆی بپۆشرێت و جێگۆرکێی چینایەتی پێ بکرێت و بخرێتە خانەیەکی دیکەوە، کە خانەی ڕاستەقینەی خۆی نەبوو. عەبدولکەریم قاسم وەک زۆربەی ئەوانەی، کە لێیەوە نێزیکبوون و ناسیویانە دەڵێن، لە ڕووی کەسایەتییەوە سەرباری نیشتمانپەروەری و دڵسۆزیی بۆ خەڵک و خاک، پیاوێکی دەستپاک، نانەتەوەیی دوژمنی سەرسەختی بیری نەتەوەیی عەرەبی، هەژاردۆست بوو، بەلاّم وەک سیاسەتکارێک لە دەڕۆستی فرتوفێڵی سیاسەت نەدەهات و تا ڕادەیەکی زۆر حولحولی (ڕاڕا، بگۆڕ، دوودڵ) بوو و خۆشباوەڕ بوو و قسەی خەڵک و دەوروبەر زوو کاری تێ دەکرد و دەیگۆڕی و بە قووڵی نەیدەڕوانییە کێشە و ڕووداوەکان و دۆست و دوژمنی خۆی بە باشی لەیەک جودا نەدەکردنەوە. بەڵگەیەکی هەژاردۆستی قاسم و خزمەتی زۆری بە هەژاران، دروسکردنی باژێڕ یا شارۆچکەی ئەسسەورە (الثورة) ی بەغدایە. ئەو شارۆچکەیە، کە کۆنتر چوادر (چادرەکان، خێوەتەکان) ی پێ دەگوترا - چونکە خەڵکەکەی کە هەژارترین و چەوساوەترین مرۆڤ بوون و لە نێو چادردا دەژیان- قاسم بۆی کردن بە خانوو و هەموو جۆرە پێویستییەکی ژیانی بۆ ساز کردن. ئەوانەش کە تا دواساتەکەنی ژیانی قاسم لەگەڵیدا بوون و بە وەفا بوون بۆی و پیاوەتی ئەو ڕێبەرەیان لە بەرچاو بوو، هەژارانی چوادر و لاوانی کوردانی فەیلی -کە لە بابششێخ"باب الشیخ" و عەگدلئەکراد "عگد الا٘كراد" و شەقامی کیفاح "شارع الکفاح"دا قارەمانانە ڕووبەڕووی پیاوکوژان و کوودێتاچییانی بەعس بوونەوە- و لاوانی شۆڕشگێڕی نێو پارتیی کۆمۆنیست بوون. ئەو قارەمانانە نموونەی توێژ و خەڵکە دڵسۆز و شۆڕشگێڕ و ڕاستگۆ و خاوێنەکەی کۆمەڵگەکە بوون، کە داکۆکی و پارێزگارییان لە بەها و نرخ و ئەندێشە و خەون و ئازادی مرۆڤەکانی ئەو وڵاتە و داد و یەکسانی دەکرد و دەیانەویست ڕێ لە شەوە و عفریت و خوێنرێژ و جەللادەکانی بەعس بگرن، بەلاّم مخابن، ئەوان (بەعسییەکان) وەک ئافات و پەتا و دەرد و هەموو شتێکی دزێو و ناحەز، وڵاتیان گرت و پیسی و قرێژی و گەندەڵی و وێرانکاری و ڕووباری خوێنیان لەگەڵ خۆدیاندا هێنا.

لە کەلار پیاوێکی پیری پشتکووڕی تەنیا و هەژار و پەککەوتە هەبوو بە نێوی "ڕەحیمی تازەئەورەحمان". مام ڕەحیم بە هەر جۆرێک بێت، خۆی گەیاندە بەغدا و چووە کن عەبدولکەریم قاسم، بۆ ئەوەی پارەیەک، مووچەیەک، شتێکی لەو بابەتەی بۆ ببرێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێ وەک مرۆڤێک ژیان بباتە سەر. عەبدولکەریم قاسمیش، مووچەیەکی مانگانەی بۆ بڕیار دەدات و ئیدی مام ڕەحیمیش دەگەڕێتەوە ماڵی خۆی لە کەلار. بۆ بڕینەوەی ئەو مووچەیە، دەبوو لە عەبدولکەریم قاسمەوە، فەرمان بە وەزارەتی ناوخۆ بدرێت و لەوێشەوە بە پارێزگاری (متصرف) ی کەرکووک فەرمان بدرێت و لەوێشەوە بە قایمقامییە (قائمقامية) تی کفری فەرمان بدرێت

و لەوێشەوە بە بەڕێوەبەرییەتی ناحیە (مديرية ناحية) ی شێروانە (سەرقەلا) فەرمان بدرێت و لەوێشەوە بە کوێخا (مختار) ی کەلار فەرمان بدرێت و لە ڕێگەی ئەویشەوە مام ڕەحیم ئاگادار بکرێتەوە، بۆ ئەوەی بچێ لە سەرقەلا مووچەکەی وەرگرێت. بەلام ئەو مووچەیەی –کە نازانم لە ئەسلدا چەند بوو و عەبدولکەریم قاسم چەندی بڕیار دابوو- کە دەگەیشتە مام ڕەحیم، تەنێ یەک ڕوبعەدینار (دووسەدوپەنجا فلس) بوو. بێگومان بۆ پارەکە دەبووە یەک ڕوبعەدینار، ئەوە چ تاوانێکی قاسمی تێدا نەبوو، بەلکە بۆگەنیی کارگێڕی و دەسگا دەولەتییەکە، کارەکەی وا لێ دەکرد.

کە ڕێژیمی پاشایەتی ڕووخێنرابوو –کە ئەوە بۆ خۆی هەلەیەک بوو و ڕوویدا بوو- ڕێژیمێکی نیشتمانپەروەر هاتبووە سەر کار، دروست لەو کاتە و لەو سەروبەندەدا، دەبوو پارتیی کۆمۆنیستی عیراق، ئەو هەلە بقۆزێتەوە و بۆ ڕێگەگرتن، لە دوژمنانی ڕێژیمی نوێ و مسۆگەرکردنی فراژووتنی گۆڕانکارییەکانی ڕێژیمی نوێ، بەرەو ڕزگاریی نیشتمانی و دیموکراسی و لە دوایيشدا سۆسیالیزم، مەسەلەی دەسەلاتگرتنەدەست، وەک بیر و بۆچوون، لە نێو کەسانێکدا لە پارتیی کۆمۆنیستی عیراقدا هەبوو، بەلام مەسەلەیەک نەبوو، کە زەمینەی بۆ خۆش کرابێت و هەولێکی جیددی بۆ درابێت، بۆ ئەوەی ببێتە واقیع. ئەو مەسەلەیە لە نێو خەلک و لە شەقامدا، باسی لێکرابوو پێش ئەوەی لە کۆبوونەکانی کۆمیتەی نێوەندیی ئەو پارتییەدا باسی لێوە بکرێت، واتە ویست و خواستێکی بەهێز و بە تەوژمی گەلێر هەبوو بۆ کار و دەسەلاتگرتنەدەست. بەلام لەبەر نەبوونی زەمینەی پتەو و بەهێزیی بال و هێلی ڕاسترەو و چەوترەوی نێو پارتیی کۆمۆنیست، کە پاشکۆی سیاسەتی سۆڤییەتی بوو، ئەو کارە ئەنجام نەدرا و مەسەلەکە لەبار برا. هەر ئەو لەباربردنەش، بوو بە هۆی زالبوون و سەرکەوتنی نەتەوەپەرستی و ڕەگەزپەرستی و خەلکانی سەر بە ئیمپریالیزمی جیهانی لە عیراقدا. پاش کوودێتای بەعسی 1963، شەهید سەلام عادیل دەگیرێ و پێش لەتوپەتکردن و کوشتنی دەلێ کە، کوودێتای ڕاستەقینە لە 1963دا ڕووینەداوە، بەلکە لە سالی 1959دا ڕوویداوە و عەبدولکەریم قاسم و بۆرژوازییەتی عیراق پالەوانای ڕاستەقینەی ئەو کوودێتایەن. ئەگەر پارتیی کۆمۆنیست دەسەلاتی گرتبایەتە دەست –هەرچەندە دەسەلاتیش هەر دەسەلاتە بە دەست هەر کەسێکەوە بێت- ئەوا عیراق دەبووە ولاتێکی سۆسیالیست و ڕەوش و باری عیراق لە هەموو ڕوویەکەوە، لە بولگاریا و چیکۆسلۆڤاکیا و یۆگوسلاڤیا و ئەوانە باشتر دەبوو و مەسەلەی نەتەوەیی و میللیش هەرگیز بەو جۆرە زەق و گرژ و دەمارگیرانە نەدەبوو، وەک کە دواتر وای لێ هات. ئەو دیتنەی کە هێلە ناشۆڕشگێڕەکەی نێو پارتیی کۆمۆنیست، لەمەڕ دەسەلاتداریەتی قاسم و نائامادەییان بۆ دەسەلاتگرتنەدەست هەیانبوو، لە سەردەمی عارفی یەکەمیشدا، کە دوای ڕووخانی بەعس لە 1963دا دەسەلاتی گرتە دەست، ئەو تێزە پتر برەوی پەیدا کرد و لە 1964دا ئیدی ڕێگەی ناسەرمایەداری و نۆرەی کارای بۆرژوازی گچکە و خەباتی دیموکراتیی شۆڕشگێڕانەیان! بوو بە ڕێباز و دروشمی پارتیی کۆمۆنیست و بە ئاشکرا بانگەوازی بۆ دەکرا و مەسەلەی سەرکردەیەتیی چینی کریکار و دەسەلاتگرتنەدەستیش لە ئارادا نەما و تەنانەت داوای هەلوەشاندنەوەی پارتیی کۆمۆنیست و تێکەلبوونی لەگەل یەکیەتی سۆسیالیستی عەرەبی (الإتحادالإشتراكي العربي) دەکرا، وەک چۆن لە مسر ڕوویدابوو.

هەرچی مەسەلەی کوردە لە عیراقدا، پێش 14ی تەمموزی 1958، واتە لە سەردەمی پاشایەتیدا، لە دوای نەمان و تێکچوونی بزووتنەوەکانی بارزانی 1943-1945 و پەرینەوەی پێشمەرگەکانی ئەو ڕابوونە، بە ڕێبەریەتیی مەلا مستەفای بارزانی، بۆ دیوی کوردستانی ئێران و یەکیەتیی سۆڤییێت، ئیدی کەوتە بار و دۆزێکی دیکەوە و وەک مەسەلەیەکی زەقی نەتەوەیی نەدەهاتە بەرچاو. کوردیش لە سەر ئەوەی کە کوردە لەو سەردەمەدا نەدەچەوسێنرایەوە، بەلکە تا ڕادەیەکیش لە کارگێڕی و دەسگای دەولەتیدا کار و باری دەڕۆیشت و لە پەرلەمانیشدا کۆمەلێک ئەندامی هەبوو و دەیان وەزیر و سەرکردەی لەشکر و سەرۆکی حوکوومەت و سیاسەتکاری گەورەشی هەبوون. بە دلنیاییشەوە دەلێم لە زۆر بار و ڕووەوە، حال و ڕەوشی کورد، لە شیعە

www.kurdistannet.org
19/07/2003 23:40

گەلێک باشتر بوو. پاش 14ی تەممووزی 1958، مەلا مستەفای بارزانی لە یەکیەتیی سۆڤییێت گەڕایەوە. بارزانی لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم و حیزبی کۆمۆنیستی عیراقیشدا، نێوانی خۆش بوو و گەلێک بە حاڵ و گوزەرانی کورد ڕازی بوو و نەیدەویست بە هیچ شێوەیەک ئەو بارە بشێوێنێت، چونکە ئەو ڕێژیمە نوێیە بۆ یەکەم جار بوو لە مێژووی عیراقدا، عەرەب و کورد بە هاوبەش لەو نیشتمانەدا (عیراق) دابنێت و ئەوەیش لە دەستووردا بنووسرێت. ئەو پارتییەی کە بە نێوی پارتیی دیموکراتی کورد یا کوردستانەوە هەبوو و بارزانی بە درێژایی ئەو ماوەیەی، کە لە دەرەوە بوو و کە هاتەوەش هەر سەرۆکی بوو، ناتەبایی و ململانێیەکی قووڵی تێدا هەبوو. ئەو ململانێیەش شتێکی نوێ نەبوو، بەڵکە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی پارتییەوە هەر هەبوو. دوو هێڵی سەرەکی لە نێو پارتیدا وەدی دەکران. هێڵێک کە هەمزە عەبدوڵلا ڕێبەری بوو –هێڵی چەپ- و هێڵێکی دیکە کە ئیبراهیم ئەحمەد ڕێبەری بوو –هێڵی ڕاست-. ڕێبەری ئەم هێڵی دووەمە، هەر لە سەرەتای بوونە پارتییەوەی بە نهێنی و بە ئاشکرا، دژایەتی کەسایەتی و گەلێری و دەسەلات و سەرکردەیەتی بارزانی دەکرد و هەرگیز لەگەڵ بیر و بۆچوونەکانی بارزانیدا پێک نەدەهات. ئەم هێڵەی ئیبراهیم ئەحمەدە، کە پاشتر جەلال تاڵەبانی و عومەر دەبابە و هی دیکەشی لە خۆ کۆکردەوە، لە سەردەمی پاشایەتیدا، بە ناوی پێشکەوتنخوازییەوە، دژایەتی بوونی کەسانێکی وەک شێخ لەتیفی حەفید و کاکەزیادیان دەکرد و تەنانەت بیر و بۆچوونەکانی شەهید فەهد و شەهید جەمال حەیدەریشیان بە ڕاستڕەوانە دادەنا و خۆیان لەوان پێ چەپتر بوو و بە ناوی کوردایەتی و نەتەوەیی و ئەو جۆرە شتانەشەوە، دژایەتی هەمزە عەبدوڵلایان دەکرد. لە کاتێکیشدا کە بەشی زۆری خەڵکی عیراق، لە دەوری حیزبی کۆمۆنیستی عیراق خڕبووبوونەوە و خەباتیان دەکرد و مەسەلەی نەتەوەیی بۆ خەڵک هێندەی مەسەلەی چینایەتی و باری ئابووری و کۆمەڵایەتی گرنگ نەبوو، ئەمان لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستدا دانوولەیان پێکەوە نەدەکوڵا و ددانی خێریان بە حیزبی کۆمۆنیستدا نەدەنا. دوای 14ی تەممووزیش بە قایلبوون و ڕەزامەندیی بارزانی –بە هەر شێوەیەک بێت- و لە ڕێگەی ئەویشەوە توانییان بە سەر باڵە چەپڕەو و پێشکەوتنخوازەکە (باڵی هەمزە عەبدوڵلا) دا سەرکەون. بارزانی بە کۆمەڵێک چەکدار و لە ئێوارەکوودێتایەکی حوزەیرانی 1959دا، بارەگای پارتیی لە بەغدا، گەمارۆ دا و هەمزە عەبدوڵلای وەدەرنا و پاشان ئیبراهیم ئەحمەدی بە سکرتێری پارتیی دانا. بارزانی بەو کارەی (دەرکردنی هەمزە عەبدوڵلا و دانانی ئیبراهیم ئەحمەد لە شوێنی وی) داوێکی بۆ خۆی نایەوە و جێگەی ئەو بۆمبە کۆککراوەی، کە لەمێژ بوو بۆی دانرابوو و لە 1964دا تەقییەوە، خۆشتر و چاکتر کرد. بە وەدەرنانی هەمزە عەبدوڵلا، پارتیی لە چەپ پاکتاو کرا و ڕاستڕەویەتی دەستی بەسەر پارتییدا گرت. لەو دەمەشدا کە هەموو خەڵکی نیشتمانپەروەر و چەپ و دڵسۆزی خاک و وڵات لەگەڵ بەرەی گەل (قاسم و شۆڕش و حیزبی کۆمۆنیست) دا بوون، سەرکردە ڕاستڕەوەکانی پارتیی دەیانەویست پارتیی بە بۆرژوازییەتەوە (موحەممەد حەدید-پارتیی نیشتمانیی دیموکراتی و سددیق شەنشەل –پارتیی سەربەخۆیی) گرێ بدەن و خۆ یەکخەن و سازکەن و بەرەی دژ بە گەل (عارف و بەعس و ڕاستڕەو و ڕەگەزپەرست و نەتەوەییەکان) یان هەڵبژارد و کەوتنە هاوکاریکردن لەگەڵیان، دژ بە لێشاوی جەماوەر و بەرەی گەل و شۆڕش، بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی نیشتمانپەروەری قاسم. وەک بەشێکی دیکەی ئەنجامدانی سیاسەتی ڕاستڕەوانەی خۆیان بە هاوکاری دەرەبەگ و ئاغاکانی ناوچەی پشدەر و بە هاندانی کۆمپانییەکانی نەفتی بیانی و دەسگە سیخورییەکانی ڕۆژاوا و ساواکی ئێرانی شا، یاخیبوونی ساڵی 1961یان بەرپا کرد. بۆ ئەوەی کارەکەشیان بە ئەنجام بگات، بارزانییان تێوە گلاند و لە پەنای ناو و گەلێری ویدا، خەڵکیان لە خۆ خڕکردەوە و دەستیان بە جەنگ کرد. ئەو یاخیبوونە –کە پاشتر نێوی شۆڕشی لێ نرا، هەر لە بنەڕەتدا بەشێکی سەرەکی بوو لە نەخشەی کەسک "طرح سبز"ی ساواکی ئێران، بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی قاسم و گێڕانەوەی ڕێژیمی پاشایەتی، یا هەر ڕێژیمێکی سەر بە ڕۆژاوا بێت بۆ عیراق- گەورەترین خیانەتێک بوو بەرانبەر مەسەلەی کورد بە تایبەتی و عیراق بە گشتی. کورد هەرگیز پێویستی بەو جەنگە چەکدارییە نەبوو و ئەوەش جەنگی ئەو نەبوو، بەڵکە جەنگی تەواوی هێزە ئەهریمەنییەکان بوو دژ بە خاک

و گەلانی عیراق، قانوونی دابەشکردنی زەوی، قانوونی ژمارە 80ی نەفت و هەموو گۆڕانە گەلی و باشەکان- هەرچەندە ئەوانە هەنگاوگەلێکی ڕادیکالانە نەبوون و تەنێ پینەوپەڕۆیەکی سۆسیالیستانە بوون، بەڵام لە هیچ باشتر بوون- کە لە وڵاتدا وەدی هاتبوون. ئەو جەنگە بۆ شێواندنی یەکیەتی و برایەتی و بەختیاری و ئازادی و ئاشتی خەڵکی عیراق بوو. سەرانی پارتیی چالاکانە، نۆرەی خۆیان لەو نەخشەیەدا بینی و بوون بە هۆی وێرانکاری و کوشتار و بەدبەختی خەڵک و لاوازکردنی لەشکر و ئابووری عیراق. بە بەرپاکردنی جەنگ و یاخیبوونی ساڵی 1961، ئیدی مەسەلەی کورد گواسترایەوە بۆ خانەیەکی دی. چەک بوو بە تاکە ئامرازی خەبات، و زمان و گفتوگۆ لەکار خران. مەسەلەی کورد و هێزی سیاسیی کورد، بە هۆی سیاسەتی چەوتی ئەو دەستە ڕاسترەوەوە، بوو بە کاغەزێکی قومار و پارسەنگێکی بێبایەخ و ئامرازێکی گوشارخستەسەر و چەکدارێکی بەکرێگیراوی وڵاتانی دەوروبەر، هێزی دەرەکی و ئیمپریالیزم. ئەو هەڵەشەسیاسی و چەکبازییە ئیدی لەو کاتەوە، بوو بە یاری و نەریتێک لە کن کوردان و لە نێو هەموو کورد و بەشەکانی کوردستاندا، پەتائاسا بڵاو بووەوە و تەشەنەی کرد و تا ئەم ڕۆژگارەش هەر بەردەوامە. ئەو نەخشە و جەنگەی 1961ە، و هاوکارییەی سەرانی پارتیی لەگەڵ بەعس و عارفدا، سەرباری هۆکاری کاریگەری دیکە، بوون بە هۆی ڕووخاندنی قاسم، بەڵکە ڕووخاندن و داتەپینی تەواوی بەها و خۆشەویستی و برایەتییەک و هاتنی بەعس بۆ سەر کار و دەسەڵات بە شەمەندەفەرێکی ئەمەریکی لە 1963دا. وەک ئەنجامدانێکی بەشە گرنگەکەی سیاسەتی خۆیان، سەرانی ئەو هێڵە ڕاسترەوەی نێو پارتیی، بزاڤی کوردیان بەرەو هەڵدێری 1964 برد و دووبەرەکییان ساز کرد. بەو کارەشیان خۆرەئاسا کەوتنە نێو جەستەی میللەتێک، کە تا ئەو دەمە خۆی بە یەک میللەت دەزانی و تەواوی کوردەکەی هەموو کوردستانیان، بە سەر دوو بەرەی دژ بە یەکدا —لەوێ ڕۆژی ڕا تا ئەورۆ- دابەش کرد.

تەواوی ئەو هەموو نەگبەتی و ناهەمواریيەی، کە بە سەر وڵات و خەڵکی عیراقدا هاتووە، ئەگەر پاشایەتی نەڕووخێنرابا، یا ئەگەر باڵە شۆڕشگێڕەکەی نێو پارتیی کۆمۆنیستی عیراق هەر لە سەرەتاوە، باڵە ناشۆڕشگێڕ و ڕاسترەوەکەی وەلا نابا و بەسەریدا زاڵ بووبا، یا پارتیی کۆمۆنیستی عیراق بە ڕێبەریەتی باڵە شۆڕشگێڕەکەی دەسەڵاتی گرتبا دەست، ئیدی ئەو هەموو بەڵایە، بەسەر ئەو وڵاتەدا نەدەهات. هەرچەندە ئەو ململانێیەی نێوان هێڵی شۆڕشگێڕ و هێڵی ناشۆڕشگێڕ، چەپ و ڕاست، بیری نوێخواز و گۆڕانکار و بیری ژەنگرتوو و پێشمەرگە و خێڵی پەتوودا، لە نێو پارتیی کۆمۆنیستی عیراقدا، ساڵانێکی دواتر، لە ڕاپەڕینە پاکسازییەکەی 17ی ئەیلوولی 1967دا تەقییەوە و لەیەک جوی بوونەوە، بەڵام تازە کار لە کار ترازا بوو و خەڵکانی سەر بە ئیمپریالیزمی ئەمەریکی و ئینگلیزی و بە پشتگری سۆسیال-ئیمپریالیزمی سۆڤییێت، کاریان گرتبووە دەست و دەسەڵاتێکی سیاسی و ئابوورییەکی هێندە بەهێز هەبوو و جێپێی خۆیان بە جۆرێک قایم کردبوو و مێشکی خەڵکیان بە شێوەیەک شۆردبووە و خەڵکیان وا چەواشە کردبوو، کە ئیدی جێیان پێ لەق نەدەکرا، مەگەر بە ڕاپەڕینێکی یەکجار گەلێر و بەشداریکردنێکی یەکجار فراوان.

دەڵێن مێژوو جارێکی دی خۆی دەگێڕێتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی دیکە. بۆ وەدیهێنانی ویست و خەونی چەوساوەکانی ئەو وڵاتە و ڕۆحدانەوەبەر 14ی تەمووز و ساڵانی 1958 و 1959، لە حوزەیرانی 1968دا، لە نێو زۆنگاوەکانی غەمووگەدا، میراتگرێکی حوسەین و حەمدانی قەرمەتی (حمدان القرمطي) ، هەڵگری خەم و پەرۆشەکانی گشت ڕەنجدەر و برسی و ڕووت و ڕەجاڵانی عیراق، خالید ئەحمەد زەکی (ظافر) شۆڕشگێڕ، ئاڵای ئەو شۆڕشە سپارتاکۆسییە هەڵدەگرێت و قارەمانانە بەرانبەر دەسەڵات، زۆرداری، بندەستی و چەوساندنەوە ڕادەپەڕێت، بەڵام تاکە شتێک کە هەیەتی و پێی دەکرێت، بەخشینی گیانی خۆیەتی بەو ڕێگەیە. گیڤارا دەیگوت:"کۆمۆنیست دواکەسە کە دەخوا و دواکەسە کە دەنوێ و یەکەم کەسە کە دەمرێ"، بە شەهیدبوونی ئەو و کوژانەوەی تروسکەی وڵاتێکی بەختیار و گەلێکی یەکسان، خۆزگە و ئومێد و خەون و ئاواتەکانی ئێمەی منداڵانی 1958یش، نەک هەر نایەتە دی، بەڵکە لە نێو گۆمی بێهوودەیی و بێهیوایی و تاریکیدا نوقم دەبێت.

www.kurdistannet.org
19/07/2003 23:40

**تەمووزی** 1996

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت www.kurdistannet.org